# خەلیفەی یەکەم کێیە، وە ئایا چیرۆک وبەسەرهاتی غەدیری خوم چیە ؟

< كوردي >

شێخ محمد صالح المنجد

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# من هو الخليفة الأول وما قصة غدير خُم ؟

< كردي >

محمد بن صالح المنجد

ترجمة: فريق اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عەزيز

# خەلیفەی یەکەم کێیە، وە ئایا چیرۆک وبەسەرهاتی غەدیری خوم چیە ؟

ئەم پرسیارە ئاڕاستەی ماڵپەڕی ئیسلام پرسیار و وەلام کراوە :

**پرسیار :** شیعە باوەڕیان وایە کە گەورەمان ئیمامی عەلی ( خوای لێ ڕازی بێت ) خەلیفەی یەکەمە، ئێمەیش وەك ئەهلی سوننەت دەڵێین : گەورەمان ئەبو بەکری صدیق ( خوای لێ ڕازی بێت ) خەلیفەی یەکەمە، ئومێدەوارم بۆمان ڕوون بکەنەوە کە خەلیفەی یەکەم کێیە، وە ئەو وەصیەتەی کە پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیە وسلم ) وویستی بیکات بۆ یەکێك لە خزمەکانی کامەیە، وە ئو ڕووداوە چیە کە لە غەدیری خوم ڕوویدا ؟

**وەڵام :** سوپاس وستایش بۆ خوای گەورە ومیهرەبان ودروود وصەڵات وسەلام لەسەر پێشەوای مرۆڤایەتی محمدی پێغەمبەری ئیسلام و ئال وبەیت و هاوەڵ وشوێنکەوتوانی هەتا هەتایە .

خەلیفە وجێنشینی یەکەمی پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیە وسلم ) بە کۆدەنگ و ئیجماعی زانایانی ئیسلام ئەبو بەکری صدیقە ( خوای لێ ڕازی بێت )، ئەویش لەبەر کۆدەنگی هاوەڵان لەکاتی بەیعەت پێدانی دوای ئەوەی کە جیاوازی کەوتە نێوان موهاجیر وئەنصاریەکان، ئەوە بوو ئەنصاریەکانیش دوای ئەو ڕاجیاوازیە ڕازی بوون کە بەیعەت بدەن بە ئەبو بەکری صدیق، ئیتر دوای ئەوە هیچ جیاوازیەك ڕووی نەداوە لەسەر خەلیفە و جێنشینی ئەبو بەکر، وە هیچ کاتیك ڕاڕاو دوو دڵ نەبوون لە نێوان ئەبو بەکر وعەلیدا ( خوایان لێ ڕازی بیت )، هەروەها پاش وەفاتی ئەبو بەکریش ( خوای لێ ڕازی بێت ) پێش عومەری کوڕی خەتاب، هیچ کەسێك لە هاوەڵان داوای ئەوەیان نەکردووە کە بەیعەت بدرێت بە عەلی ( خوای گەورە لەهەموویان ڕازی بێت )، هەروەها پاش وەفاتی عومەریش هیچ کەس لە هاوەڵان داوای ئەوەیان نەکردووە کە بەیعەت بە عەلی بدرێت، بەڵکو فیتنە و ئاژاوە ودوو بەرەکی پاش کوشتنی عوسمانی کوڕی عەفان ڕوویدا ( خوای لێ ڕازی بێت ) .

هاوەڵانی بەرێز ( خوایان لێ ڕازی بێت ) ڕازی بوون بەوەی ئەو کەسەی کە پێغەمبەری خوا ڕەزامەند بوو لەسەری کە جێنشینی بێت بۆ کاروباری دینەکەیان ئەوانیش ڕازی بن جێنشینی بێت بۆ کاروباری دوینیایان،

چونکە پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) لەکاتی نەخۆشیەکەیدا فەرمانی کرد  کە ئەبو بەکر لەجێگای ئەو نوێژ بۆ موسڵمانان بکات .

سەبارەت بە چیرۆك و بەسەرهاتی غەدیری خومیشەوە، غەدیر ئاوێکە لە نێوان شاری مەککە و مەدینەدا، پێی دەوترا ( خوم ) ئەو فەرموودەیەش لەم بارەیەوە هاتووە، ئیمامی موسلیم لە صەحیحەکەیدا ڕیوایەتی کردووە بە فەرموودەی ژمارە ( 2408) ئەویش ئەو فەرموودەیەی کە زەیدی کوڕی ئەرقەم دەیگێڕێتەوە، دەڵێت :

**{ قام فينا رسول الله صلى الله عليه وسلم يوما خطيباً بماء يدعى خما بين مكة والمدينة ، فحمد الله وأثنى عليه ووعظ وذكّر ، ثم قال : وأنا تارك فيكم ثقلين أولهما كتاب الله ، فحث على كتاب الله ورغّب فيه ثم قال : وأهل بيتي ، أذكركم الله في أهل بيتي ، أذكركم الله في أهل بيتي ، أذكّركم الله في أهل بيتي ، قال زيد : نساؤه من أهل بيته ، ولكن أهل بيته من حرم الصدقة بعده وهم آل علي ، وآل عقيل ، وآل جعفر ، وآل عباس ، كل هؤلاء حُرم الصدقة } .**

واتا : ڕۆژێك پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) لەناوماندا هەستایە سەرپێ لەجێگایەك کە پێی دەڵێن ( خوم ) لەنێوان شاری مەککە و مەیدنەدا و ووتارێکی بۆ داین، و سوپاس وستایشی خوای گەورەی کرد، وئامۆژگاری کردین و خوای گەورەی بەبیر هێنایەنەوە، پاشان فەرمووی : من دوو شتم بۆ بەجێهێشتوون یەکەمیان :کتێب و قورئانی خوای گەورە، ئەمجا زۆر هانی خەڵکی دا کە دەست بگرن پێیەوەی وبەردەوام بن لەسەری، پاشان فەرمووی : ئەهل وبەیتەکەم، خواتان بیر دەخەمەوە ولەهوا بترسن لە بەرامبەر ئەهل وبەیتمدا، خواتان بیر دەخەمەوە ولەهوا بترسن لە بەرامبەر ئەهل وبەیتمدا، خواتان بیر دەخەمەوە ولەهوا بترسن لە بەرامبەر ئەهل وبەیتمدا، زەیدی کوڕی ئەرقەم دەڵێت :خێزانەکانی لە ئەهل وبەیتی پێغەمبەرن، ئەهل وبەیتی پێغەمبەر ( صلی اللە علیە وسلم ) ئەو کەسانەن کە خێر وصەدەقەیان بۆ حەرام کراوە پێیان بدرێت.

وەصیەتی پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) بۆ ڕێزلێنانی ئەهل وبەیتی وپاراستنی مەکانەتیان بووە، بۆ ئەوەی بە جنێو و سوکایەتی پێکردن ئازار نەدرێن، ئەمەش ئەوە ناگەیەنێت کە پێش بخرێن بەسەر ئەو کەسانەی کە بەدەقی فەرموودە لەوان بەڕێزترن، وەك ئەبو بەکر وعومەر وعوسمان ( خوای گەورە لەهەموویان ڕازی بیت ) ...

خوای گەورەش زاناترە ...